# ئەو دەمەی بەها نامێنێ

جەزا حسين
jazahossain@zonnet.nl

دارستانێکی چڕی
تۆز لێنیشتوو..!
وولاّتێکه..
پڕ له کۆشکی زەبەلاحی مێلورەیه..!
خەزان پڕاو پڕی سیمای زەردی کەژی ساڵه
شەرم پەردە پۆشی.. چاوە
ئەوین چەتە.. ڕێگرێکی کارامەیه
ئەستێرە له ژێر قەترەی ئابڕودا شاراوەیه
لەو گۆڵمەزی شاباشەدا
خەساو زاوای زەماوەندە
راستی خەڵتانی درۆیه
بە( عەفا اللاّهو عەما سەلەف )
ڕۆژی سەد جار ووسڵی پاکی خۆی دەردەکات.
*******
دارستانێکی چڕی
تەم لێنیشتوو ..!
وولاّتێکه..!
خانوی قوڕ و
سوتوی ژوانە سڕاوەکان ..!
سەریان له نێو هەوێکدایه..
رەش و تاریك ،
له هەر دەرگا و پەنجەرەیەکیان بڕوانی ،
دەیان چیرۆك و ڕۆمان و کێشمانکێشی سەیری تیایه..! .
********

دارستانێکی چڕی
بەها نوستوو ..
جەنگەڵێکه..
پڕ موعجیزەی پێشکەوتنه

یاساکانی گۆڕانکاری بە پاژنەی پێ هەرچی .. هەرچی کۆنێ هەیە

دەیسڕێتەوە

هەموو شتێك بەشکراوە

جێ و ڕێی شیاو، بە پێی ویژدانی پێشکەوتن..!

دانراوە،

بۆنی گوڵە کێویلە: بۆ بەهەشتی زێرابەکان

ئەستێرەیەکی نەناسراو : کەلاکێکی تۆپیوە بۆ خواروی شار

خۆری تۆز لێنیشتو : بۆ روناکی تەویلەکانی پاشایە

مەشخەڵێکی قاچ پەڕیو : توانای هلتووچۆی زۆر نیە

لە کەشکەلانی فەلەك ئاسودەیە

باڵندە : ئەوانەی بێ باڵن ماڵین .. لە هەوادا هەڵپەسێررێن

ئەوانی تر نەوەك بفڕن بۆ نێو قەفەزی ئاڵتونی بە رێدەکرێن

دارستانێکی چڕی

بەها نوستوو ..!

جەنگەڵێکە ئاخری خێر بێ.